**چەند پرسیارێکی نموونەیی لەبابەتی رەخنەی تیۆری/ قۆناغی سێیەم**

*پێناسەی ئەوانەی خوارەوە بکە .
پرۆسێسەی رەخنەی ئەدەبی .
زاراوەی رەخنە
رەخنە لەزاراوەی یۆنانیدا
چەمکی رەخنە
رەخنەی هونەری
رەخنە لای ماتیۆ ئارنۆلد
رەخنە لای رۆلان بارت
رەخنەی هونەرمەندانە
خوێنەری موفەسیر
خوێنەری تاک
* بیروبۆچوونەکانی هەریەکێک لەوانەی خوارەوە سەبارەت بە ڕەخنەگر و هونەرمەند ، رەخنە و هونەر بەدیار بخە ؟
١. ڕینیە ویلیک
٢. نوسرەب فرای
* بۆچی چارلز برێسلێر ڕەخنە لە ماتیۆ ئارنۆلد دەگرێت ؟
* ڕەخنە لەلای رۆلان بارت چی دەگەیەنێت ؟
* ئایا دەتوانین رەخنەی ئەدەبی بەداهێنان هەژمار بکەین ؟
* جیاوازی لەنێوان خوێنەری موفەسیر و خوێنەری تاک لەلای رۆلان بارت بەدیار بخە ؟
* ڕەخنەی ئەدەبی تەنها پیشاندانی کێماسی و لایەنی خراپی دەق نیە ؟
* ئایا هەموو کارێکی ئەدەبی پێویستی بەمیتۆدە ؟ چۆن ؟ بەنموونە بیسەلمێنە ؟
* پێناسەی ئەوانەی خوارەوە بکە ؟
میتۆدی رەخنە
وشەی Method
ڕەخنەی ئەدەبی
میتۆد لەفەرهەنگدا
میتۆدی عەقڵی
سانت بیڤ
ڕێباز

* میتۆدەکانی رەخنەی ئەدەبی لەتیۆرە مەعریفییەکان پێکهاتوون ؟
* خوێندنەوەی ڕەخنەیی لەسەر دوو پایە وەستاوە چۆن و چین ؟
* هەر لەکۆنەوە ئەوروپا ئاشنای میتۆدە ؟
* جیاوازییەکانی نێوان ڕێباز و میتۆد دەستنیشان بکە ؟
* پێناسەی ئەوانەی خوارەوە بکە ؟
ڕیبازی ئورفی
ئەلیادە
ئۆدێسە
پایان
ڕەچەلەکنامەی خوداوەند
کارەکان و رۆژەکان
ئەسخیلۆس
ئەرستۆڤانس
تیسپیس
* ڕەخنە لەپێش سەردەمی ئەفلاتوون جۆن بوو ؟
بۆچی لەدوای شەری تەڕوادە شیعر لەقۆناغی سروودەوە بەرەو قۆناغی داستان رۆیشت ؟
* هۆمیرۆس پێداگیری لەسەر شوێنی ئەدیب لەنیشتیمانی خۆی دەکاتەوە و هاوکات ئەرکی ئەدەبیش دیاری دەکات ؟
*لەڕەخنەی ئەدەبی سەردەمی پێش ئەفلاتووندا چ جۆرە ژانرێکی ئەدەبی ڕەواجی هەبووە ؟
* بەرهەمە تۆمار نەکراوەکانی مێژووی رەخنە لەپێش سەردەمی ئەفلاتوون بەنموونەوە باس بکە ؟
* قۆناغەکانی شیعر لەکاتی سەردەمی پێش ئەفلاتوون بەوردی بەدیار بخە و باسیان بکە ؟

ـ سەرچاوەی شیعری لەلای هەریەکێک لەمانەی خوارەوە بەجیا باس بکە ؟

١. هۆمیرۆس
٢. هیسیۆدۆس
٣.بندارۆس
٤ فلاتوون .

ـ نیشتیمان لای هۆمیرۆس و فلاتوون چۆن سەیرکراوە ؟ جیاوازییان لەچیدا دەبینی ؟

لەلای هۆمیرۆس ئەدیب کێیە ؟ غەریبی چ کاریگەرییەکی لەسەر دەقی ئەدەبی هەیە ؟
* هۆمیرۆس پێی وایە شاعیران دەتوانن لەڕێی جۆرە جیاوازەکانی شیعرەوە گوزارشت لەخۆیان بکەن ؟
* بەوردی باسی بەرهەمەکانی هیسیۆدۆس بکە ؟
* سەبارەت بە پەیام و ئیلهامی شیعرەوە جیاوازی لەنێوان هۆمیڕۆس و هیسیۆدۆس دەستنیشان بکە ؟
* زمانی شیعری شاعیران بۆچی ڕەوان و جیاوازترە لەزمانی خەڵکی ئاسایی ؟
* لەکارەکان و رۆژەکانی هیسیۆدۆس ، شاعیر زیاتر لەژیانی خەڵک نزیک دەبێتەوە ؟
* سەرەتای شیعری گۆرانی لەبەرهەنەمەکانی هیسیۆدۆس دەردەکەوت و لەلای بندارۆس جەسپا ؟ چۆن ؟
* سەردەمی بندارۆس بەسەردەمی شیعری گۆرانی هەژمار دەکرێت ؟
* شیعرەکانی بندارۆس چەند خاسیەتێکی جیاوازتر لەخاسیەتەکانی شاعیرانی پێش خۆی هەبوو ؟ چۆن ؟
* بندارۆس ئیلهامی شیعری بە بەخششی سروشت دادەنێت ؟ چۆن ؟
* بندارۆس شیعر وەکو ئیلهام لەئاسمان و خوداوەندەکان وەردەگرێتەوە و لەگەڵ حەقیقەت و واقیع ئاشتی دەکاتەوە ؟

ـ نووسینی شانۆ یەکێکی ترە لەقۆناغەکانی تری فۆڕمی شیعری پێش قۆناغی ئەفلاتوون ؟ تۆ چۆن دەیسەلمێنی و رابەرەکانی کێن ؟
ـ ئەرستۆ سەبارەت بە تراژیدیا چ سەرنجێکی هەبوو ؟
ـ ئەسخیلۆس چۆن توانی گۆڕانکاری لەبنەماکانی شانۆی یۆنانیدا بکات و داهێنانی تیادا ئەنجام بدات ؟
ـ ئەفڵاتوون سەبارەت بە چەمکی لاساییکردنەوە چ تێڕوانینێکی هەبوو ؟ چەمکی لاساییکردنەوە لای ئەفڵاتوون سێ جیهانە چۆن جۆنین ؟ بەنموونە بیسەلمێنە ؟

ـ ڕۆڵی هونەرمەندان و شاعیران لەجەمکی لاساییکردنەوەدا چییە و چۆنە ؟
ـ چۆن چۆنی دەیسەلمێنی کە هونەرمەندان و شاعیران سێ هەنگاو لەڕاستییەوە دوورن ؟
ـ ئەفڵاتوون چۆن ڕەخنە لە کار و دەقی هونەری دەگرێت ؟
ـ ڕەخنەی فڵاتوون لەشاعیر و شیعردا چییە ؟
ـ ڕەخنەی سەرەتایی فڵاتوون لەشیعردا بەڕەخنە لە مەعریفەتناسی ناو دەبرێت ؟
ـ کەسی لاساییکەرەوە هیچ شتێک لەبارەی بوونەوە نازانێت ؟ تەنیا دیاردەی بوون دەناسێت ؟ لێکییدەرەوە چۆن و بۆ ؟
ـ ئەفڵاتوون سەبارەت بە شاعیر چی وتووە ؟
ڕەخنەی فلاتوون لەبارەی شێوەی زانینە ؟
ـ فلاتوون شاعیر بە دەروونەوە دەبەستێتەوە ؟
ـ ئایا دەروون وەکو شوێنی شیعر شوێنێکی نزمە یان باڵایە ؟
ـ نیەتی شاعیر تێگەیشتن نیە لەجەوهەری شتەکان بەلکو نیەتی بەناوبانگ پەیداکردنە ؟
ـ فڵاتوون بۆچی شاعیران لەکۆمار و کۆمەڵگادا دەردەکات ؟
ـ پێناسەی جۆرج سینزبرەی .
ـ فلاتوون پێی وایە شاعیران مەترسیان بۆسەر پێشکەوتنی ئەخلاقی تاکی کۆمەڵگادا هەیە ؟

پێناسەی ئەوانەی خوارەوە بکە .
هونەری شیعر
* ئەرستۆ پێیوایە شیعر لەو شتانەی لەواقیعدا هەن فراوانترە ؟
* ئەرستۆ هونەری لاساییکردنەوە بەچەند شتێکەوە دەبەستێتەوە ؟
* ئەرەستۆ پێی وایە کارەکانی مرۆڤ لەسەر بنەمای ئەو کردەوانەی لەژیانی رۆژانەدا دەینوێنن پۆلێنیان بکەین ؟ مەبەستی لەمەدا چییە ؟
* ئەرەستۆ سەرهەلدانی شیعر بەگشتی بۆ دوو هۆکار دەگەرێنێتەوە ؟ ئەو هۆکارانە کامانەن ؟
* ئەرەستۆ جۆن جیاوازی لەنێوان تراژیدیا و کۆمیدیا دەردەخات لەسەر بنەمای لاساییکردنەوەی کردەوەکانی مرۆڤ ؟
* ئەرەستۆ لەڕێی بەراوردی نێوان شیعر و مێژوو ئامانجی شیعر ئاشکرا دەکات ؟

* سەبارەت بە لاساییکردنەوە جیاوازی نێوان ئەفلاتون و ئەرەستۆ بەدیار بخە ؟
* سەبارەت بەم خاڵانەی خوارەوە چ جیاوازییەک لەنێوان ئەفلاتوون و ئەرەستۆ بەدی دەکەیت ؟
١. شیعر و شاعیران
٢. جۆرەکانی ئەدەب
٣. لاساییکردنەوە
٤. فێربوون
٥. سروشت
٦. پاکبوونەوەی دەروون ( ترس و بەزەیی)

پێناسە
میتۆدی مێژوویی
تیۆری داروین
مێژووی نەتەوەیی
سانت بیف
هیبۆلت تین
هۆکاری رەگەز
ژینگە
سەردەم
برۆنتێر
گەشەکردنی جۆرەکانی ئەدەب
* بەبڕوای رابەرانی میتۆدی میژوویی نووسەر کوڕی ژینگە و سەردەمی خۆیەتی ؟
* میتۆدی مێژوویی میتۆدێکە بۆ لێکدانەوە و دەرهێنانی واتا لەدەقدا ، بۆ ڕووداوە مێژوویی و سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان دەگەڕێتەوە ؟
* میتۆدی مێژوویی گەڕانەوەیە بۆ ڕابردوو ؟
* میتۆدی مێژوویی هەوڵێکە بۆ لێکدانەوەی ڕابردوو ؟.
* میتۆدی مێژوویی دەبێتە کەرەسەیەکی زۆرباش بۆ زۆرێک لە فەیلەسووف و نوسەران ؟
* سەرەتاکانی دەرکەوتنی میتۆدی میژوویی بۆ پەیدابوونی ڕیبازی رۆمانسیزم لەئەوروپاوە دەگەڕێتەوە ؟

* ئەدەب دەبێتە ڕەنگدانەوەی ژیان و کۆمەڵ و هەموو ئەو گۆڕانکارییانەی لەبواری سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری ڕوودەدەن ؟
* سانت بیڤ لەڕێی دەقی ئەدەبییەوە هەوڵیدەدا ژیانی تایبەتی و گشتی نووسەر دەربخات ؟
* هیبۆڵت تین پێی وایە نووسەر لەچوارچێوەی سیستەمی یاساکانی سروشتدا دەژیت ؟ ئەو دەقەشی کە دەینووسێت هەر لەناو ئەودا گەشە دەکات ؟
* هیبۆڵت تین بۆ بەرهەمهێنانی دەقی ئەدەبی سێ هۆکاری کاریگەر بەسەر نووسەرەوە دەستنیشان دەکات ؟ بەکورتی باسی هۆکارەکان بکە ؟
* فێردیناند برۆنتێر ، لەژێر سایەی تیۆرەکەی داروین چۆن ڕاڤەی بۆ جۆرەکانی ئەدەب دەکرد ؟ ئەی تۆ چی دەربارەی تیۆری پەرەسەندنی داروین دەزانی سەبارەت بە پۆڵینکردنی جۆرەکانی ئەدەب ؟
* بنەماکانی میتۆدی مێژوویی بۆ ڕاڤەکردنی دەقی ئەدەبی بەدیار بخە و بیانژمێرە ؟

پێناسە
میتۆدی کۆمەڵایەتی
خوێندنەوەی بەدوای یەکداهاتوو .
خوێندنەوەی شوێنی
تیۆری جەدەلی مارکس
جۆرج لۆکاش
سۆسیۆلۆژیای ژانرە ئەدەبییەکان
پییەر زیما
سۆسیۆلۆژیای دەقی ئەدەبی
* بۆچی میتۆدی کۆمەڵایەتی گرنگی بە پەیوەندی نێوان دەقی ئەدەبی و کۆمەڵگە دەدات ؟
* میتۆدی کۆمەڵایەتی وەکو دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی لەئەدەب دەڕوانێت ؟
* میتۆدی کۆمەڵایەتی هەوڵدەدات هەموو ئەو فاکتەرە کۆمەڵایەتییانەی کاریگەرییان لەسەر بیرکردنەوە و بەرهەمهێنانی دەقی ئەدەبی هەبووە دەربخات ؟
* پەیوەندی نێوان ئەدەب و کۆمەڵگە بۆ سەردەمە کۆنەکان دەگەڕێتەوە ؟
* مەدام دی ستایل پەیوەندی نێوان ئەدەب و کۆمەڵگە بۆچی دەگەڕێنێتەوە ؟

* بۆچی لەگەڵ گۆڕانکاری کۆمەڵگە ئەدەب خۆیشی دەگۆڕدرێت ؟
* مەدام دی ستایل پێی وایە هەموو گۆڕانکاری و پێشکەوتنێک بە شوێنەوە پەیوەستە ؟
* دژیەکبوون لەنێوان ئەدەبی زەڕووڕی و ئەدەبی واقعی لەچیدا دەبینی ؟
* پێویستە دەستەواژەی نووسەران چۆن دەنووسن بگۆڕدرێت بۆ نووسەران لەبارەی چییەوە دەنووسن ؟ ئەمە بەواتای چی دێت ؟
* تیۆری جەدەلی مارکس لەسەر بنەڕەتی ئابووری بۆ کۆمەڵگا دامەزراوە ؟
* خودی تیۆرەکەی مارکس و مارکسیزم بۆ ئەوە دامەزراوە کە هەوڵبدات ئەو ناکۆکی و ململانێیانەی ناو کۆمەڵگە دەستنیشان بکات و دواتر لێکیان بداتەوە ؟
* جۆرج لۆکاش بڕوای وابوو ئەدەب ڕەنگدانەوەی ژیان و کۆمەلگەیە ؟
* لۆسیەن گۆڵدمان ، زیاتر گرنگی بەلایەنی چۆنیەتی لەبری چەندێتی دەدات ؟ ئەو بنەمایانەی بۆ دەقی ئەدەبی دانان کامانەن ؟
* پێیەر زیما ، میتۆدێکی نوێی لەبواری رەخنەی کۆمەڵایەتی هینا بەرباس ؟
* گرنگترین بنەماکانی میتۆدی کۆمەڵایەتی بەدیار بخە ؟
* گرنگترین کەموکوڕی و کێماسییەکانی میتۆدی کۆمەلایەتی دەستنیشان بکە ؟

پێناسە میتۆدی دەرونشیکاری
کاسارسیس
پاکبوونەوەی دەروون
میتۆدی رەخنەی سایکۆلۆژی
عەقڵی نائاگایی
گرێی ئۆدیب
منی باڵا
نائاگایی تاک
نائاگایی کۆ
کارڵ یۆنگ
مۆنۆمیس
تاکئەفسانە
ئەدلەر

* ڕیشەی کاریگەری دەروون لەدەقی ئەدەبیدا بۆ سەردەمی یۆنانی کۆندا دەگەڕێتەوە ؟
* فرۆید لەدوو لایەنەوە کاریگەری لەسەر پەرەپێدانی لایەنی دەروونی مرۆڤ و پەیوەندی نووسەر بەدەقەکەیەوە هەبووە ؟ ئەو دوو فاکتەرە چین ؟
* رەخنەی ئەدەبی لەڕێی ڕۆچوونی بۆناو ژیانی نووسەرەوە دەیەوێت دەقی ئەدەبی شی بکاتەوە ؟
* چەمکی نائاگایی یەکێکە لەو چەمکانەی فرۆید بەوردی کاری لەبارەیەوە کردووە ؟
* بەبرِوای فرۆید عەقلی نائاگایی کاریگەری گەورەی لەسەر ژیانی تاکدا هەیە ؟
* فرۆید عەقلی نائاگایی بۆ سێ تەوەرە دابەش دەکات ؟ کامانەن ؟
* فرۆید دەقی ئەدەبی وەکو دەرەچەیەک بۆ خۆخاڵیکردنەوە دەبینێت ؟
* دەقی ئەدەبی پەیوەندی بە سێ چالاکی مرۆڤەوە هەیە ؟ کامانەن بەوردی باسیان بکە و نموونەیان بۆ بهێنەرەوە ؟
* کارل یۆنگ لەبری چەمکی نائاگایی تاک ، چەمکی نائاگایی کۆ دادەهێنێت ؟ بۆچی ؟
* نوسرەب فرای باوەڕی وایە هەموو ئەدەبیات بریتییە لەچیرۆکێکی کامڵ و تەواو بەناوی مۆنۆمیس ؟
* ئەدلەر پەیوەندی و نێزیکی لەنێوان خەون و ڕەمزەکان دۆزییەوە ؟
* ڕەخنەی ئەدەبی بۆ ڕاڤەکردنی دەق و شیکردنەوە و هەڵوەشاندنەوەی بنیاتەکەی سوود لە دەروونناسی وەردەگرێت ؟
* میتۆدی دەروونشیکاری زۆر خۆی بە ژیان و دەروونی نووسەرەوە خەریک دەکرد ؟
* گرنگترین بنەماکانی میتۆدی دەروونشیکاری دەستنیشان بکە ؟
* گرنگترین کیماسی و ئارێشەکانی میتۆدی دەروونشیکاری بەدیار بخە ؟